پوتن: پیلانگێڕەکان هەوڵدەدەن ڕوسیا ناسەقامگیر بکەن و دەبێت ڕێگریان لێبکرێت

سەرۆکی ڕوسیا ڤلادیمێر پوتن ڕۆژی هەینی لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕوسیادا ڕایگەیاند، "پیلانگێڕەکان" هەوڵدەدەن ڕوسیا ناسەقامگیر بکەن و دەبێت ڕێگریان لێبکرێت.

وتیشی، پێویستە هەموو شتێک بکەین بۆ ئەوەی دەنیا بین لەوەی لە هیچ بارودۆخێکدا ناتوانن ئەو کارە بکەن.

لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا پوتن پێشنیاری گفتوگۆکردنی کرد لەسەر بابەتەکانی پێوەندیەکانی نێوان ڕوسیا و پرسی ئاسایش و جێختی لێوە کردەوە کە ئەو بابەتانە بە ڕوسیا زەر گرنگن.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەنتەنی بلینکن ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، "هاوپەیمانێتی ناتۆ یەکگرتووە و گرنگی بە هێڕشەکانی ڕوسیا نادات و ئاماژەی بەوەشکرد مەسکۆ شکستی هێناوە لە شکاندنی هاوپەیمانێتیەکە بەهۆی پەکەوەژیانی ئەندامانیەوە".

بلینکن وتیشی، "ئێمە پشتیوانی لە ئۆکراینا دەکەین بۆ ئەوەی بتوانێت سەروەری خۆی بەسەر خاکەکەیدا بگەڕێنێتەوە"، بلینکن لە وتارەکەیدا لە وەاتی فینلەندا وتی، "ڕوسیا سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکرایناى پێشێلکردووە".